# به چاوی سێیەم فیلم هەڵبگرەوە!



هەر رۆژە لــە جیهانی دیجیتالیــدا ئامێرێکی نوێ دەکەوێتــە بازارٍ، یەکێك لەم ئامێرە نوێیانە کە بەم دواییە لەلایــەن کۆمپانیــای RDiTEK3 هاتۆتــە بەرهەم و بە RDI3 ناســراوە هێدبەندێکە کە بەکارهێنەر لە ناوچەوانی دەدات و وەك چاوی ســێیەم بۆ بەکارهێنەرەکەی دەبێت. بە هێدبەندێکــە دەتوانی لەکاتی راکردن وە وەرزش کردنــدا، هەروەهــا لەکاتی مەلەکردندا فیلم هەڵبگریەوە و وێنە بگری.



# کامێرایەکی کارا بە کێشێکی زۆر کەم

کامێرای دیجیتالی لە جــۆری Action camera بەو جۆرە کامێرایانە دەگوترێت کە قەوارەیان بچووکە، دژە تەڕبوونن و بە زۆری لە چالاکییە وەرزشــییەکاندا ســوودیان لێدەبیندرێ.

کۆمپانیای xiamoi (بە شــیائومی دەردەبڕێت) لەم رۆژانەدا کامێرایەکی وەرزشی بەرهەم هێناوە کە بە Yi camera ناسراوە و ١٦ مێگاپیکسیلە، خاڵی جێگای سەرنج لەو کامێرایەدا کێش و قەوارەی بچووکیەتی. کێشی کامێراکە تەنیا ٧٢ گرامە، واتە بەقەد پاکەتــە جگەرەیەك.. بە کوالیتی فول ئێــچ دی فیلم هەڵدەگرێتەوە. سیستەمی بلوتوس و وای-فای لەسەرە.. سیستەمی ئەندرۆیدی لەســەرە و دەتوانیت کامێراکە لە شوێنێکی دابنێی و لە رێگای مۆبایلەکەتەوە فیلم و وێنە بگری..







# ١٢ دوگمەی تایبەت و ماوسێک



ئەگەرچی لە سەرەتای بەرهەم هاتنی کۆمپیوتەر ماوس بەرهەم نەهاتبوو، بەڵام دوای ئەوەی ماوس بەرهەم هات دەزاندرێ کە بەبێ ماوس کارکردن بە کۆمپیوتەر زۆر دژوارە.. ماوسەکان بە زۆری سێ دوگمەیان هەیە، بەڵام کارایی و شێوازی کارکردنیان جیاوازە، دوای ئەوەی گەیمی ئەلکترۆنی پێگەیەکی گەورەی بینی لە جیهانی دیجیتالیدا، ماوسیش گۆڕانکاری بەسەرداهات و ماوس ئێستاکە جێگەی (جویستیك) واتە دەسکی گەیمی گرتۆتەوە.. یەکێك لەو ماوسانە ماوسی جۆری Chorma MMOیە کە کۆمپانیای razer بەرهەمی هێناوە، هەستەوەری G٥ کە لەو ماوسەدا بەکارهاتووە دەتوانیت هەستیار بێت بە ١٦٠٠٠ خاڵ لە ئینجێکدا. ماوسەکە 12 دوگمەی هەیە کە دەکرێت هەر دوگمەیەك بۆ پرۆگرام یان گەیمێکی تایبەتی یان فەرمانێکی تایبەتی دابنێی. رووناکی پشت دوگمەکان دەکرێت بە ویستی بەکارهێنەر بۆ زیاتر لە ١٦ ملیۆن رەنگ بگۆڕدرێن.



# مۆبایلێک وەک کاتژمێر لەدەست دەکرێت

کاتژمێرە هۆشمەندەکان هەتا رادەیەکی زۆر شوێنی مۆبایلیان گرتۆتەوە، بەڵام ئەوەی راستی بێت کاتژمێرە زیرەکەکان تەنیا بەشێك لە ئەرکەکانی مۆبایل ئەنجام دەدەن، بەکارهێنەر دەبێت حەتمەن مۆبایلەکەی لەگەڵ خۆی بێت و لەگەڵ کاتژمێرەکەی بەهۆی سیستەمی بلوتوس یان وای-فای پێکەوەیان ببەستێتەوە. بەڵام ئەو مۆبایلەی کە وێنەکەی دەبینن جیاوازە لەگەڵ کاتژمێرە زیرەکەکان، چونکە تەواو مۆبایلێکی سەربەخۆیە و وەك کاتژمێریش لەدەست دەکرێت. مۆبایلەکە هی کۆمپانیای Rufus labsە و شاشەکەی ٢,٣ ئینجە وسیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە. و میمۆرییەکەی ٦٤ گیگابایتە.

# مەچەکبەندی دیجیتالی بۆ منداڵان



جیهانی دیجیتالی سەردەم گرنگییەکی زۆری بە جیهانی منداڵان داوە، بە جۆرێك زاناکانی بواری پەروەردە کردنی منداڵ پێیان وایە تەکنەلۆژیای سەردەم بەجۆرێك خۆی خزاندۆتە جیهانی منداڵان کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ داهاتوویان.. گەورەکان چیان هەبێت لە دونیای دیجیتالی منداڵانیش هەیانە.. لەم دواییەدا دەستبەند یا مەچەکبەندی جۆری NABI COMPETE بۆ منداڵان بەرهەم هاتووە کە لە خزمەت تەندروستی منداڵان دایە، چونکە بەهۆی پرۆگرام و شێوازی تایبەتی خۆی کارێك دەکات منداڵان کارێك نەکەن کە قەڵەو بن و کێشیان بچێتە سەرێ، بۆ نموونە پێیان دەڵێت کە رۆژانە چالاکی جەستەیی چەندە ئەنجام بدەن و چەندە خۆراك بخۆن..دەستبەندەکە بەهۆی بلوتوسەوە بە سیستەمی ئەندرۆید یا IOS پەیوەند دەدرێت و زانیارییەکان بۆ منداڵان شی دەکاتەوە. هەروەها هەنگاو ژماردنی تێدایە و دەتوانێت منداڵەکە لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی بیکاتە پێشبرکێ کە کامەیان زیاتر هەنگاویان هاویشتووە و خێراییان چەندە بووە. بۆ سووتاندنی کالۆری (وزە) گەیم و پرۆگرامی تێدایە ئاگاداریان دەکاتەوە کە چ بکەن لەو پارچە پیتزایەی کە دەخۆین کالۆرییەکەی بسووتێنن و نەیکەن بە چەوری.. مەچەکبەندەکە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەگەر بەکارهێنەرەکەی سەرکەوتوو بێت لە بەکارهێنانیدا لەلایەن بەڕێوەبەرانی تۆڕەکە خەڵات دەکرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك پرسـیار دەكات، ئایا چۆن بزانم مۆبایلێكم چ گرفتێكی هەیە بەرلەوەی كە بیبەم بۆ لای ئەو شـوێنانەی كە مۆبایل چاك دەكەنەوە؟ ئەپلكەیشنێك هەیە كە گرفتەكانی مۆبایلەكەم نیشـان بدات؟**

بەڵـێ خوێنەری بەڕێز یەكێك لە ئەپلكەیشنە سەركەوتووەكانی ئـەو بـوارە كە بۆ سیسـتەمی ئەندرۆید دەگونجێت phone tester بەهۆی ئەو ئەپلكەیشـنەوە دەتوانـی گرفتی هـەركام لە بەشـەكانی مۆبایلەكەت بزانی، وەك كێشـەی كامێرا، كێشـەی تۆڕ، كێشەی دەنگ و ڕەنگی... بە كورتی هەر كێشەیەكی هەبێت پرۆگرامەكە نیشانی دەدات.



## بە هیدفۆن دەتوانی سەیری فیلمیش بکەی






پاناسۆنیك لەم ڕۆژانەدا یەكەمین لاپتۆپ- تەبلێتی بەرهەم هێنا كە بـە لاپتۆپی Toughbook 20 ناسـراوە و تایبەتە بە ئەندازیاران و بۆ هەلومەرجە سـەخت و دژوارەكان دەگونجێت، كـورد گوتەنی وەك پۆڵا وایە و بەهیچ شـتێك تێك ناچێت، نـە بە سـەرما و گەرما و نە بە باران و تـەڕ بوون، ئەگەر لە بەرزاییەكی زۆر بەرزیشـەوە بەربێتەوە هیچی لێ نایەت، لاپتۆپەكە لە یەك كاتدا هـەم لاپتۆپە و هەم دەبێتە تەبلێت.. لاپتـۆپ – تەبلێتەكە سیسـتەمی ویندۆز١٠ی لەسـەرە و وەك دەگوترێت بۆ كاروباری ئەمنییەتی و سـوپایی سوودی لێدەبیندرێت. كێشـەكەی لە كیلۆ و نیوێـك زیاترە رامەكەی ٨ گێگابایتە.. هـەروەك ئاماژەی پێكـرا زۆر خۆراگرە، لە بەرزاییەكی ١٨ مەتری فڕێی دەیە خوارەوە كێشەی بۆ نایەتە پێش و هەروەها بە گەرمای ٦٠ پلەش تێكناچێت. شاشەكەی ١٠ ئینجـە و كوالیتـی full HDیە. سیسـتەمی GPS و هەروەها پشـتیوانی لە تۆڕی GLTE ٤ كە بە خێراترین تۆڕی ئینتەرنێت دەژمێردرێ دەكات.

بەهۆی مۆبایلە هۆشمەندەکان دەکرێت لە هەموو شوێنێك فیلم سەیر بکەی، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە شاشەکانی مۆبایل بچووکن و ناکرێت بەکارهێنەر بەباشی سوود لە فیلمەکان ببینی، کۆمپانیایەك هێدفۆنێکی بەرهەم هێناوە کە بە هیدفۆنی Enter mask ناسراوە، هیدفۆنی ناوبراو شاشەیەکی هەیە بەهۆی ئەووە دەتوانی فیلمەکان سەیر بکەی. بەکارهێنەر ئەگەر تەنیا حەزی لە مۆسیقا و دەنگ بێت وەك هیدفۆنێکی ئاسایی لە گوێی دەدات، بەڵام ئەگەر نیازی هەبێت فیلمێك سەیر بکات ئەوە لە چاوی دەکات و وەك هیدفۆنی مەجازی واقیعی سامسۆنگ و کۆمپانیاکانی دیکە دەچێت. هیدفۆنەکە کێبڵی HDMI دەچێتە سەر و دەتوانی لە تەلەفزیۆن یان هەر ئامێرێکی دیکە کە شوێنی ئەو کێبڵەی هەبێ فیلم وەربگری. کاتێك بەهۆی هیدفۆنەکە سەیری فیلم دەکەی وەك ئەوە وایە سەیری شاشەیەکی سەد ئینجی بکەی.




## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی خولی راهێنان

هەندێك لە زانایانی بواری تەکنەلۆژیا وای دەبینن لە داهاتوودا قوتابخانە و زانکۆ بەم شێوەیە نامێنێ، قوتابی هەموو رۆژێك جانتاکەی دەست ناداتێ و بچێتە قوتابخانە بەڵکو بەشێوەیەکی ئۆنلاین و لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە وانەکانی دەخوێنێ و هەر لەسەر ئینتەرنێتیش تاقیکاری لێوەردەگیردرێت.. لە ئێستاوش پرۆگرامێك گەلێکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە دروستکراون، یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی ispring suite ە، کە بەهۆی ئامراز و تواناگەلێکی زۆر دەتوانێت بۆ خولە راهێنانەکان سوودێکی زۆری لێببینرێت.
لە بواری گرافیکەوە زۆر بەهێزە، توانای دروستکردنی فیلمی راهێنانی هەیە و دەکرێت لە مۆبایل و تەبلێتیشدا سوودی لێببینرێت. هەروەها دەکرێت کتێبی ئەلکترۆنیشی پێ دروست بکرێت و ئەو پرۆژانەی بەو پرۆگرامە دروستدەکرێن بە ئاسانی دەکرێت لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بکرێنەوە.

## رکابەرێکی جیدی بۆ کاتژمێرەکەی ئەپل

کاتژمێرە زیرەکەکان وردە وردە تێکەڵاوی ژیانی خەڵك بوون و پێدەچێت کاتژمێرە کلاسیکیەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا وەك زۆر ئامێری دیکە ببن بە ئەرشیف و بچنە مۆزەخانەوە.. هەموو کۆمپانیا بەهێزەکان لە رکابەریدان بۆ بەرهەمهێنانی باشترین و کاراترین کاتژمێری زیرەك بۆ نموونە، ئەپل، سامسۆنگ، سۆنی و ئێل جی و هی دیکەش... کۆمپانیای TAG heuer کە زۆریش ناسراوە لە رکابەرێکی جیدیدایە لەگەڵ کۆمپانیای ئەپل لە بواری بەرهەم هێنانی کاتژمێری زیرەکدا..
جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کاتژمێری sconnected کۆمپانیای ناوبراو و کاتژمێرە زیرەکەکانی دیکەدا هەیە، کێشی کاتژمێرەکە 52 گرامە. لە مادەی تیتانیوم دروستکراوە. شاشەکەی 1.5 ئینجە لە جۆری LTPS LCDیە. داتاگەی خەزن کردنی 4 گیگابایتە، رامەکەی یەك گیگایە. هەرچەندە هەستەوەری لێدانی دڵی تێدا نییە، بەڵام سیستەمی نیشاندانی ئاو هەوا و ئاراستەی بای تێدایە.







## سایتێک بۆ دەستکاری کردنی وێنە

گەلێك سایت هەن کە بە شێوەی ئۆنلاین بەهۆیانەوە دەتوانی وێنەکانتان دەستکاری بکەی و ئیفکێتیان بدەیە و جوانکاریان تێدا ئەنجام بدەی، یەکێك لە سایتە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە سایتی Pho.to.com،، لەم سایتەدا هەموو کردارێکی تایبەت بە وێنە، وەك جوان کردن، لابردنی پەڵە، زیادکردنی رووناکی..تاد. ئەنجام بدەی. کە سەردانی سایتەکەت کرد سەر لە بەشی Enhance your Photo بدە و وێنەی خۆت جا هی فەیسبووك یان سەر کۆمپیوتەرەکەت بێت ئەپەلۆد بکە و ئیدی بە ئاسانی دەستکاری بکە.